کارۆل نووسیویە: فازل رەسول و ژنەکەی لە ١٩٨١ لە مهاباد لەمالی ئازاد میوان بوون. فازل لە مالەکەی ئازادەوە بە تەلەفۆن لەگەڵ کارگێرانی سیاسیی [ بخوێنەوە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران– نووسەر] پێوەندیی گرتبوو. سەرچاوەی ئەو وتەیە، وتوێژی ئازاد وگابرییل فێرنانەدیز، رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگ بووە لە ڤییەن (١٩٩٠ – ١٩٩١). ئەوە یەکەمین جاربووە کە ئازادی مێردی شارلۆت بۆی دەرکەوتبوو کە فازل جاسوسی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و مصطفی هجری و تیمە کانیان ئەو واقعییەتەیان دەزانی. ئەو دووە لەسێ ساڵەی تێرۆری د.قاسملووەوە تاحەوتوویەک بەر لە تێرۆری د.شەرەفکەندیی فازلیان بە هاودەستی ئیتتیلاعات و تێرۆریستەکان دەزانی. هەر بەو جۆرە کە کارۆل لەم بەشەدا نووسیویە، سەرەرای ئەوە، ئەو واقعییەتەیان دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی گۆڕی و خەڵکێ کوردیان بە فریو برد.

لە بەدوادا نەچوونی پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی وبە کوشتدانی سەدان ئەندامی حدکا و تواندنەوەی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان مەلا عەبدوللا بەرپرسی سەرەکیی ومصطفی هجری ملکەچ و چاولێکەری جینایەتەکان بووە. بەلام بەرپرسایەتییەکەیان جیاوازە: مەلا عەبدوللا زەمینەخولقێنی سەرجەمی جینایەتەکان و پلانداڕێژی بێ سەلاحییەت و پیلانگێرانەی رادانی حدکا لە قەندیلەوە بۆ ئۆردوگای ژێر دەسەڵاتی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە. مەلاعەبدوللا حەسەنزادە بە

پشـتیوانیی راسـتەوخۆی تالـەبانیی ئـەو خەیانەتـەی بەتـەنیا کـردووە. پلانـی رادانـی حـدکا و فرۆشـتنی بـە تالـەبانیی و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران لـە نـەبوونی سکرتێری حـدکادا کرابـوو. تونـاکردنی بزووتنـەوەی کـورد لـە رۆژهـەلاتی کوردسـتان بـە پلانـی مـەلا عەبـدوللا و تالـەبانیی بـۆ خزمـەت بـە ئیتتیلاعـاتی سپای پاسداران بـووە. لەبەرامبـەر ئـەو خەیانەتـەدا مـەلا عەبـدوللا کـراوە بـە موستەشـاری تالـەبانیی و هاودەسـتی تێرۆریسـتەکانی سـەر بـە سـپای پاسـداران و دەسـتی بـە سەر سامانی حدکاداگرتووە.

هـەزاران تـەزویری مـەلا عەبـدوللا لـەکتێبی خولیـاو مـەرگی رەحمـانی کـورد خولیـای کوردسـتان پلانـی کوشـتاری سـازماندراوی ئەنـدامانی حـدکا، ئـەمارەی دادوەریـی سـەلمێنەری هاوکـاریی و هاودەسـتیی مـەلا عەبـدوللان. واقعییـەت ئەوەیەکـە مـەلا عەبـدوللا دوای رێکـەوتنی تالـەبانیی و بـاقری ذوالقـدر لـە ١٩٨٦ و هێنـانی صـحراارودی و نیشـتە جێکردنـی لـە یاخسـەمەرو دامەزرانـدنی ناوەنـدی ئیتتیلاعـات لـەو شـوێنە لـە چەنـد کیلـۆمیتریی دەفتـەری سیاسـیی حـدکا، لـە هـەنگاوە سـەرەتاییەکاندا مـەلا عەبـدوللا بووەتـە هاودەسـتیان. بروانـە خولانـەوە لـە نـاو بازنـەدا ل.١٠٤–١٠٥. تـەزویرەکانی مـەلا عەبـدوللا و شـێوەی کوشـتاری سـەدان ئەنـدامی حـدکا و قبـولی ئـەو کوشـتارە و بێدەنگـە لێکردنـی مـەلا عەبـدوللاو هجـری جیـا لـە هاودەسـتییکردن لەگـەل ئیتتیلاعـاتی سپا چـی بـووە؟ ئـەو پێوەندییـە ئیتتیلاعاتییـەی مـەلا عەبـدوللا و صـحراارودی، محسـن رضـائی و فلاحیـــان دوای جیابوونـــەوەی "رێبەرایـــەتیی شۆرشـــگێرو "دوای نووســـینی راپـــۆرتێکی تالـــەبانیی بـــۆ ئیتتیلاعـــاتی کۆمـــاری ئیســـلامیی دەســـتی پێکـــردووە. لەنووســـینی بەســـەرهاتی د.قاسملوودا باس لەو ئاڵوگۆرە دەکرێ.

مصـطفی هجـری و تیمەکـەی ئاگـاداری هـەموو رووداوەکـان و هاودەسـتیی کردنـی مـەلا عەبـدوللاو تیمەکـەی لەگـەل ئیتتیلاعـاتی سپاو تالـەبانیی بـوون، بـەلام لەبـەر بـێ ورەیـی و تـرس لـە پیلانـی مـەلا عەبـدوللاو تالـەبانیی و ئیتتیلاعـاتی سـپا بـێ دەنگـەیان لـەو هـەموو جینایەتـە کـردووە کـە بەسەر ئەندامانی حدکایان هێناوە.

بێـدەنگیی سـێ سـاڵەی مصـطفی هجـری و مـەلا عەبـدوللا حەسـەن زادە،دوای تێـرۆری د.قاسـملوو لەسـەر دەوری فـازل رەسـول سەرنجراکێشـە. ئـەو دوو کەسـە لـە ١٣/٧/ ١٩٨٩ ەوە تـا حەوتوویـەک بەرلـە تێـرۆری د.شـەرەفکەندیی لـە ١٧ سـێپتامبری ١٩٩٢وەکـو سـکرتێری حـدکا، فـازل رەسـوڵیان بە هاودەستی تێرۆریستەکانی بکوژی د.قاسملوو پێناسە دەکرد.

دوای تێـرۆری د.شـەرەفکەندیی رێبەرایـەتیی مـەلا عەبـدولا لـە ١٩٩٥ بـەدواوە لـە ژێـر دەسـەلاتی تالـەبانیـدا دەستی پێکـرد. ئـەو ئـالوگۆرە بـە وتـەی علـی فلاحیـان, وەزیـری ئیتتیلاعـاتی ئێران بـەم جۆرە بووە:

فلاحیـــان لـــە وتـــوێژی تەلـــەفیزیۆنیی خـــۆیدا لـــە رۆژی ٣٠ ئاگوســـتی ١٩٩٢ بـــەر لـــە تێـــرۆری د.شـــەرەفکەندی گوتبـــووی: حـــدکا هـــەروەکو رابـــردوو ئامـــانجی وەزارەتـــی ئیتتیلاعـــاتی ئێرانـــە. نـــاوبراو بـــە ئاشـکرا رایگەیانـد کـە زەبـری خـۆی لـە حـدکا دەوەشـێنێ. هەربەوشـێوەیە کـە لـە رابـردوودا لـەدەرەوەی ولات وێیکـەوتووە و لـە دادێـشدا وێیدەکـەوێ. نـاوبراو نەیشـاردەوەو بـە ئاشـکرا رایگەیانـد کـە: لـەتوێژی سـەرەوەی حـدکادا نفـوزی کـردووە و تارادەیـەک ئـەو بەشـەی لـە ژێـر چنگـی دایـە. ئـەوەی کـە نووسـرا وەرگێـڕدراوی ئـەو دەقەیـە کـە هـانس یوئـاخیم ئێریـک لـە ئاخر دیفاعدا بەزمانی ئالمانی پێشکەش بە دادگەی میکونووسی کردووە.

بڕوانە دەقەکەی بەزمانی ئالمانیی لە خوارەوە!

3. Tatsache ist die Fernsehrede Fallahijans vor der Tat am 30. Aug. 1992. Darin war die DPK/I nach wie vor als Zielobjekt des iranischen Nachrichtendienst-Ministeriums benannt, und zwar nicht nur - wie Rafsandschani in diesem Spiegelinterview glauben zu machen versuchte - als Objekt der Ausspähung und der Erkenntnisgewinnung, sondern Fallahjian sprach klar und deutlich von Schlägen, die man dieser Partei versetzt habe. In der Vergangenheit versetzt habe und in der Zukunft

- 17 -

versetzen werde und er sprach davon, daß diese Schläge auch im Ausland ausgeführt würden und daß man die Spitzen dieser Partei infiltriert habe und sie gewissermaßen im Griff habe.

**Plädoyer im Mykonos-Prozeß**

**21.Nov. 1996, 14. Feb. und 3.April 1997**

**Hans-Joachim Ehrig**

**وتەکانی فلاحیان لە پەنا تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا دابنێ و بیری لێبکەوە!**

http://www.berliner-kurier.de/archiv/ultimatum-nach-mykonos-plaedoyer,8259702,7332078.html

**مەلا عەبدوللا حەسەن زادەش دەقاودەق رۆلی ئەو یاریزانەی بووە کە نەوشیروان مصطفی لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین بۆ تالەبانیی نووسیبوو:"ئەشی کوژێ و بۆشی ئەگری."**

**هاودەستییکردنی دوژمنانی کورد، بە کوشتدانی ئەندامانی حدکا لە باشور و ئاشبەتاڵ و تونا کردنی ئەخلاق و سەرکوت کردنی ویژدانی ئینسانیی ریساڵەتی مەلا عەبدوللا و تیمەکەی بووە. ناو براو لەودروشمە عەوامهەڵخەلەتێنە جینایەتکارانەیە لە گوللەباران کردنی چوار ئەندامەکەی حدکا لە دەروازەی کۆیە: مەنسور ناسریی، سامال ئیسماعیلیی، رەفعەت حوسێنیی، یەدوللا شیرین سوخەن بە دەستی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی بە فەرمانی بەرپرسێکی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کە مەلا عەبدوللا بە هاوژینەکەی سەید مەنسوری گوتووە:" بیبەنە دادگاش ناوەکەی ئاشکراناکا"، روداوگەلێک نین کە هەموو خەلکی باشوری کوردستان نەیان بیستبێ و شاهیدی نەبووبن.**

**مەلا عەبدوللا ئەو ریسالەتە پڕداهاتەی خوارەوەی بە رشتنی خوێنی لاوانی کورد لە قژلێکی پەنابەریی ژێر دەسەلاتی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ خۆی و تیمەکەی دابین**

**کردووه. ئەوەش ریسالەتەکەیەتی بۆ بە فریوبردنی سەدان لاوی گیانفیدای کورد لەژێر دەستی تالەبانیی و صحرارودی‌دا.**

**" ئێمە دەبێ مەرگی رەفیقەکانمان تەحەموول بکەین." کرتە بکە سەر ئەو لینکە و شرۆڤەکەی لە سایتی پێشمەرگەکاندا. [1] بخوێنەوە : دوو جینایەت، دوو دادگە دوو قەرار، نووسینی خاوەنی ئەم قەلەمە.**

**ئەندامێکی تیمەکەی مەلاعەبدوللا نەپیرسیوە کە ئەو سەدان ئەندامەی حیزب بۆچی‌دەبێ لەو قۆلەدا رابگیرێن و ژیانیان بە چاولەدەستیی تالەبانیی تونا بکرێ؟ بۆچی دەبێ بەکوشت بدرێن و بۆچی دەبێ مەرگی رەفیقەکانیان تەحەممول بکەن؟ بۆ چی خوێنیان برژێ و بەرپرسی ئەو جینایەتانە چەکەسانێکن؟ ئەی چوونە کورەکانی مەلا عەبدوللا دەبێ لە سوئێد و فەرانسە دیسان فەرانسە رایبوێرن و جارێک ئەو کارە ناکەن تا رەفیقەکانیان مەرگی ئەوانیش تەحەممول بکەن؟ هەر رۆلەی هەژارانی کوردستان دەبێ لەژێر دەسەلاتی جاسوسەکانی سپای‌پاسدارانداا خوێنیان برژێ و مەلازادە بە فرۆشتنی خوێنی ئەوان دادێ سەرۆکایەتیی بۆ خۆی تاپۆ بکا و ریگای بابی بۆ خزمەت بە سپای پاسداران درێژە بدا؟**

**سەرنجراکێشە پێشتر تەنیا ریبەرانی حدکا (د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی) تێرۆرکراون، بەلام دوای رادانی حدکا گوللەبەندی تالەبانیی، مەلا عەبدوللاو تیمەکەی و جینایەتپۆشانی پەنا قایمی پاراستوون. لەو سەدان کەسەی لە سەردەمی چاخی نوێی مەلا عەبدوللادا تێرۆر کراون تاقێکیان ئەندامی رێبەریی نەبووە مەگەر ئەوانەی کە دژبەری مەلا عەبدوللا بووبن... !**

**-----------------**

لاپەرەی ١٦ی دەقە ئینگلیزییەکەی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد

**خاڵێکی سەرنجراکێش لە پێوەندیی بە مصطفی ناوێکەوە لە کتێبەکەی کارۆل پرۆن هۆبیردا نووسراوە کە لە دوولاوە سەرنجراکێش و پرسیارخولقێنە:**

**١- روون نییە کە سەرچاوەی ئەو زانیارییەی کە لە پاراگرافی ٣ لاپەرەی ١٦ دەقە ئینگلیزییەکەدا نووسراوە کێ بووە، چونکە کارۆل دیاریی نەکردووە.**

**لە ١٧ ژوئەنی ٢٠١٥ خاتو کرۆل پرۆن هۆبێر لەوەلامی ئەو پرسیارەی نوسەری ئەم لێکۆلینەوەیە لەمەرسەرچاوەی ئەو باسە نووسیبووی:" وتوویژی ڤییەن بۆ من لەلایەن رۆژنامەنووسێکی سپانیۆلییەوە بە ناوی گابرییل فێرناندیز کراو و هێلێن یارمەتی دام کە پێوەندیی پێوە بگرم. من ناوی راستەقینەی سەرچاوەی ئەو خەبەرەم نییە. بەلام ئەوەی کە لەگەل د.قاسملوو بوو ناوەکەی دەزانی. ببوورە لەوەزیاترم بۆ گوتن نییە."**

**ئەوەی لەخوارەوە دەیخوێننەوە وەرگێردراوی**

---

[1]- http://www.peshmergekan.com/index_a.php?id=5711

At that time, Abolhassan Bani Sadr was president of the Islamic Republic and a protégé of Imam Khomeini. They traveled with a group of friends by car through the north of Iran. But Rasul was restless in spite of Azad's efforts to calm him down.

"Don't worry, all this area is in the hands of the Kurds," Azad would tell him.

"I'm afraid because perhaps the Iraqi agents are here," Rasul said.

Azad became suspicious of Rasul. Once back in Vienna, they distanced themselves from each other. When Azad found out that Rasul was in contact with the Iranian embassy, they never saw each other again.

When Mustapha settled in Vienna as the new representative of the KDPI, Rasul tried to get in contact with him but was not successful. The Kurds did not want to see him. That is why in the summer of 1989 when Ghassemlou came to the Austrian capital and Rasul was so close to him, there was alarm among the Kurds.

At the beginning of July 1989, Rasul had traveled to Paris to transmit word to Ghassemlou that Hashemi Rafsanjani desired to resume negotiations once again.

Rafsanjani was a political higher-up in Iran. Khomeini had just died and Rafsanjani was climbing unstoppably toward the presidency.

Rasul probably told Ghassemlou that Rafsanjani had written him a letter talking about the negotiations. Because of Rasul's silence, no one knew the content of this letter well, or the circumstances of the conversation between the young man and Ghassemlou. To this day, no one is able to confirm the existence of this letter. Yet days after the crime, Rasul's family spoke in Vienna about this presidential missive.



ئازاد کاتێک ساڵی ١٩٨١ لەو پێوەندییە ئاگادار بوو بە تەواوی ترسی ڕێ نیشت، ئەوەش کاتێک بوو کە هەردووکیان لە کوردستانی ئێران میوانی بوون. بە سەرسوڕمانەوە گوێی لێبوو کە ڕەسووڵ لەسەر تەلەفون‌و لە ماڵی خۆیڕا خەریکە دەگەڵ ئاشناکانی‌و چەند کەس لە کاربەدەستانی دەوڵەت قسان دەکا.

لەبارەی شەڕی نێوان دەوڵەت‌و کوردەکانەوە زۆر بەدرێژی قسەی دەگەڵ کردن‌و هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە شەڕ خەریکە تەواو دەبێ و گوتیشی « بنی صدر» دەناسێ‌و دەیەوێ کتێبەکەی تەرجەمە بکا.

لەو سەردەمەدا « ابوالحسن بنی صدر» سەرۆک کۆماری ئێران بووو ئیمام خومەینی پشتیوانیی لێ دەکرد. دەگەڵ چەند کەس لە دۆستەکانیان بەسواری ماشێن بە باکووری ئێراندا گەڕان، بەڵام، سەرەڕای ئەوە کە ئازاد تێ‌دەکۆشا بی‌هێنێتەوە سەرەخۆ، ڕەسووڵ زۆر نیگەران بوو.

ئازاد پێی دەگوت: «نیگەران مەبە، تەواوی ئەم ناوچەیە لەژێر دەستی کورداندایە».

ڕەسووڵ لە وەڵامدا گوتی: «بۆیە دەترسم چونکە پێم وایە سیخوڕەکانی دەوڵەتی عێراق لێرە هەن». ئازاد لە ڕەسووڵ بەدگومان بووو کاتێک گەڕانەوە بۆ ڤییەن دوورییان لە یەکتر دەکردو کاتێک ئازاد بۆی دەرکەوت کە ناوبراو پێوەندیی دەگەڵ باڵوێزخانەی ئێران هەیە، بە یەکجاری دەستی لێ هەڵگرت‌و ئامادە نەبوو چاوی پێی بکەوێتەوە.

کاتێک مستەفا وەک نوێنەری تازەی حدکا لە ڤییەن نیشتەجێ بوو، ڕەسووڵ هەوڵی دەدا پێوەندیی دەگەڵ دامەزرێنێ، بەڵام سەرنەکەوت، چونکە کوردەکان نەیان دەویست بی‌بینن. هەربۆیەش کاتێک لە ساڵی ١٩٨٩دا قاسملوو هاتە پێتەختی ئۆتریش‌و ڕەسووڵ پێوەندییەکی تەواو نزیکی دەگەڵ هەبوو، هەموو کوردەکان کەوتبوونە دڵەڕاوکێوە.

لەسەرەتای ژووئیەی ١٩٨٩دا، ڕەسووڵ چووبووە پاریس بۆ ئەوەی بە قاسملوو ڕابگەیەنێ کە ڕەفسەنجانی زۆری پێ خۆشە سەرلەنوێ وتووێژەکان دەست پێ‌بکەنەوە. ڕەفسەنجانی کەسایەتییەکی بەرزی سیاسی لە ئێران بوو. خومەینی تازە مردبووو ڕەفسەنجانی بێ‌هیچ چەشنە گیروگرفتێک بەرەو بەدەستەوەگرتنی سەرکۆماری دەچووە پێش. وێ دەچێ ڕەسووڵ بە قاسملووی گوتبێ ڕەفسەنجانی نامەیەکی بۆ ناردوەو لەودا باسی وتووێژی هێناوەتە گۆڕێ. بەڵام، لەبەر ئەوە کە ڕەسووڵ هیچ شتێکی لەبارەی ئەو نامەیەوە نەدرکاند، هیچ کەس لە نێوەرۆکی ئەو نامەیەو لە وتووێژی نێوان ئەوو قاسملوو ئاگادار نەبووو هەتا ئەمڕۆ، هیچ کەس ناتوانێ هەبوونی نامەیەکی ئەوتۆ بەڕاست بزانێ. بەڵام، چەند ڕۆژ دوای جینایەتەکە، بنەماڵەی ڕەسووڵ لە ڤییەن دەیانگوت نامەیەکی ئەوتۆی سەرۆک کۆمار[ ی ئێران] لە ئارادا بووە.

**ئەو بەشەی پەنای دەقە ئینگلیزیی‌یەکە ڕاگەیاندنی زانیاریی ئازاد مێردی شارلۆت، نوێنەری سیاسیی حدکا لە ڤییەنە کە باس لە جاسوس بوون و جاسوسیی کردنی فازل ڕەسوڵ‌دەکا.**

**پۆلیسی دادوەریی و داووەرانی لێکۆڵینەوە بە وردیی لە ڕابردووی فازل ئاگادار بوون. فازل ڕەسوڵ دوای چوارساڵ و سێ مانگ مانەوە لە لوبنان و لە لای حیزب الله ناردرابۆوە بۆ ئێران. لەتاران لەگەل هەموو کارگێرانی بە شی ئەمنییەتیی ڕژیم و بەنی‌سەدر لە پەیوەندیی‌دا بووە. کارگێرانی ڕژیم بە پاسپۆرتێکی پەنانەریی‌یە وە لە تارانەوە ناردبوویان بۆ ئوتریش، لەوێ کارگێری ئەمنییەتیی باڵوێزخانەی ئێران و هاوکات نوێنەری تالەبانیی لە ڤییەن بووە. کارۆل لە ڕابردووی فازل ئاگادار نەبووە. نەدەستی بە بەڵگەنامەکانی دادوەرانی لێکۆڵینەوە و پۆلیس ڕاگەیشتووە و نە زمانی ئالمانیی زانیوە کە خۆی لە ڕۆژنامەکانی ئالمانیی زمان و لە کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاران نووسینی پیتێر پیلچ... ئاگادار بێ و مەلا عەبدوللاش کە زۆرترین وتووێژی تژی لە ناراستیی لەگەل کارۆل کردووە و خۆی لە کوردیی‌یەکەدا قرتاندوونی واقعییەتی ڕوداوەکان و یەک لەوان دەوری فازل ڕەسوڵی بەوجۆرەی کە بووە بۆ نووسەری کتێبەکە باس نەکردووە.**

**ئەو دوو بەشەی دواتر دوو بابەتن کە بە کارۆل گوتراون، بەلام سەرچاوەکانیان نەنووسراون. ئەو دووبەشەش بریتین پاراگرافی پێنجی دەقەکوردیی‌یەکە کە دەڵێ:" کاتێک مستەفا وەک نوێنەری تازەی حدکا لە ڤییەن نیشتە جێبوو. ڕەسوڵ[ مەبەستی فازل ڕەسول بووە ] هەولی‌دەدا پەیوەندیی لەگەل دامەزرێنێ، بەلام سەرنەکەوت چونکە کوردەکان نەیاندەویست ببینن. هەربۆیەش کاتێک کە لەساڵی ١٩٨٩ دا د.قاسملوو هاتە پێتەختی ئوتریش و ڕەسوڵ پێوەندیی‌یەکی تەواو نزیکی لەگەڵ هەبوو، هەموو کوردەکان کەوتبوونە دڵەراوکێوە.**

**دوکتور قاسملوو بۆ وتووێژی گۆڕین دوو جار چوو بوو بۆ ڤییەن. لەجاری یەکەم‌دا د.قاسملوو ڕەسوڵی نە ناسیبوو. ناساندنی فازل ڕەسول بە د.قاسملوو پلانی تالەبانیی بووە. بەپلانی ناوبراو لەڕۆژی**

یەکەم دا بەرنامەی وتوێژەکە بە بەشداریی تالەبانیی و نەوشیروان مستەفا لەماڵی لایەنگرێکی تالەبانیی بە ناوی خ.م. خەلکی سولەیمانیی بەڕێوە چووبوو. دەنگۆیان بلاو کردبۆوە کە ئەو کابرایە چووەتە سەفەر. بەلام ئەو لایەنگرەی تالەبانی ئەو شەوەلە هۆتێل هیلتۆن لە لای صحرارودی بووە.

صحرارودی لە ڤییەن توانیبووی لە هەموو ئیمکان و توانای لایەنگرەکانی تالەبانیی بۆپلانەکەی خۆی کەڵک وەربگرێ.

لەو کۆبوونەوەیەی رۆژی یەکەمدا فازل رەسول بە دوو چەکی جوازداری ژنەکەیەوە پاسەوانی صحرارودی و تالەبانیی بووە (٢٨دیسامبری ١٩٨٨ ).


کۆبوونەوەکانی رۆژی ٣٠ دیسامبر ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ لەمالی فازل و دوو براکەی بووە. پێشترمەلا عەبدوللا و تالەبانیی باسیان لە چوونی تالەبانیی بۆ لای وەزیری ناوخۆیی ڤییەن، وەرگرتنی ماشێن و ٢٧ پاسەوان و کۆبوونەوە لە ماڵی نهێنیی تەواو پارێزراوبەو ٢٧ پاسەوانە بەچەک و کەرەسەی نیزامییەوە و شتی لەو بابەتە کردبوو. ئەو ژمارە چەکدارە سازکراوی خەیاڵ و تەزویری "تاقەتپروکێنی" مەلا عەبدوللایە. ئەوانەی کە باس کراون لە جیێدا نەبوون. نە چوونی تالەبانیی بۆلای وەزیری ناوخۆیی دەولەتی ئوتریش راست بووە و نە ٢٧ پاسەوانەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە پێویست بووە، چونکە سازماندەرەکە تالەبانیی بووە و بەشێوەیەکی خێڵەکیی و بێ وەبەرچاوگرتنی رێوشوێنێکی ئەمنییەتیی ئەو وتوێژە خێلەکیی‌یە بە ئەنقەست بەڕێوە چوو بوو. شوێنی کۆبوونەوەکەش مالی فازل رەسول و دوو براکەی بووە. مەبەستی تالەبانییش ئەوە بووە کە دواتر، د.قاسملوو متمانە بە فازل رەسول بکا. تالەبانیی هەرگیز لە وتووێژەکانیدا ئاشکرای نەکردووە کە ئەو کۆبوونەوەکانی د.قاسملوو و تێرۆریستەکانی بردبووە مالی فازل رەسوڵ و براکانی. دوو بەڵگەی زۆر گرنگ ئەو واقعییەتەی سەلماندووە کە قەرار بووە لە ریکەوتی ٢٨ دیسامبری ١٩٩٨ تا ٢٠ژانویەی ١٩٨٩ کۆتایی بە ژیانی د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی بهێنرێ.

لێکۆلینەوەی دادوەرانی پەروەندەی تێرۆرەکە بەدوای ئەو مەسەلەیەدا گەڕاون کە لە نێوان رۆژی ٣٠ دێسامبری ١٩٨٨ تا رۆژی ٢٠ ژانویە ١٩٨٩بۆچی کۆبوونەوەیەک نەکراوە و لەو ماوەیەدا تالەبانیی و تێرۆریستەکانی رفسنجانی ونەوشیروان مصطفی لە کوێ بوون؟ هیچ زانیاریی‌یەک لەلایەن تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی لەسەر ئەو بابەتە نەدراوە بە پۆلیسی دادوەریی. دەرکەوتووە کە نە دیپلۆمات تێرۆریستەکان لە هۆتێل مابوونەوە نە پۆلیس لە چوونی تاڵە بانیی بۆ ڤییەن ئاگادار بووە. بائەوەش ئاماژەی پێ بکرێ کە دوای تێرۆری د.قاسملوو، تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین هەرگیز نەچووبوونەوە ڤییەن و زانیاریی خۆیان لەو تێرورانەدا بە دادوەرانی لێکۆلینەوە رانەگەیاندبوو.

دوو بەڵگەی سەلمێنەر بۆ ئەوە کە تێرۆریستەکان ویستبوویان لە خولی یەکەمدا واتە لە ٢٨ سێپتامبری ١٩٨٨ ەوە تا ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩کۆتایی بە ژیانی د.قاسملوو بێنن برێتی بوون لە:

یەکەم،کرینی موتۆر سیکلێتێک لە لایەن صحرارودیی‌یەوە بۆ ئەوە دوای تێرۆرەکە پێی‌بگەنە فرۆکەخانە و خۆیان دەربازکەن. پۆلیس دەستی بەسەر ئەو مۆتۆرە و بەڵگەی کرینەکەی داگرتبوو کە بە ناوی ئازەریی زمانێک کردرابوو. بەلام فرۆشیاری مۆتۆرەکە بۆ ناسینەوەی صحرارودی بردرایە نەخۆشخانەیەک کە صحرارودی لەوێ برینی باسکی بۆ دەرمان دەکرا. فرۆشیارەکە رایگەیاند کە ئەو کابرایە ( محمد جعفر صحرارودی ) بە متمانەنەی ٩٩ لە سەر سەت هەمان کەسە کە ئەو مۆتۆرەکەی پێ‌فرۆشتبوو.

بەڵگەی دووهەم، کرێنی ئاپارتمانێک بۆ بنبێلا سەرۆک کۆماری پێشتر و راکردووی ئەڵجەزایر لە دێسامبری ١٩٨٨بووە.



Wien, am 16.07.1989

Zahl: I - Pos 400/IIIa/15/89 res

Betr.: Mordanschlag in Wien 3.,
Linke Bahngasse 5/12;

hier: Hinweisgeber.

A k t e n v e r m e r k

Am 16. Juli 1989, um 09.30 Uhr gab der Journaldienst Sicherheitsbüro (BzI. GRANDITS) bekannt, daß er von einer Frau FUCIK einen Hinweis betreffend Dr. Fadel Rassoul entgegengenommen habe.

Frau FUCIK wurde zurückgerufen und gab an, daß sie beim Notar Dr. Kralik, Wien 18., Martinstr. 81 beschäftigt war. Sie könn sich erinnern, daß im Dezember 1988 ein Dr. Fadel Rassoul für den Ministerpräsidenten von Algerien Ahmed BEN BELA in der Bäckerstraße Nr. 3 (Wohnung Nr. 9 ?) eine Eigentumswohnung in der Höhe von öS 1,450.000.-- angekauft habe. Die Modalität betreffend dieses Kaufes wurden von Dr. Rassoul erledigt. BEM BELA habe nur den Kaufvertrag unterschrieben. Frau FUCIK (TelNr. 42-06-452) meinte, daß dieser Hinweis im Zuge der gegenständlichen Erhebungen, vielleicht von Wichtigkeit sein könnte.

BzI.

بنبـێلا ئـەو دەورەی پێئەسـپردراوبوو کـە د.قاسـملوو خاترجـەم بکـا کـە ئـەویش(بنبـێلا) لـە وتوێژەکـەدا بەشـدار دەبـێ. چ روداوێـک بووەتـە هـۆی وەدواخسـتنی پلانـی تێرۆریسـتەکان کـە لـە نێـوان ٢٨ دیسـامبری ١٩٨٨ تـا ٢٠ ژانویـەی ١٩٨٩ پلانـی دارێـژراوی کوشـتنی د.قاسـملوو و عەبـدوللا قـادریی بـەڕێوە بـەرن نـەزانراوە. پـۆلیس بـۆ روونکرنـەوەی ئـەو هۆیـە هـەوڵی سـەرنەکەوتوی زۆری بۆدابـوو. هـۆی سـەرنەکەوتنەکەش ئـەوە بـووە کـە تالـەبانیی و نەوشـیروان مصـطفی کـە لـــەرەوتی وتووێژەکـــاندا بـــوون، دوای تێرۆرەکـــە نـــە چووبوونـــە لای پـــۆلیس و دادوەرانـــی


لێکۆلینەوە کە پرس و جۆیان لێبکرێ. بەلام تالەبانیی لە تارانەوە هەوڵی دابوو لایەنگرێکی خۆی بە ناوی دوکتور وریا کە نیشتەجێی ڤییەن بووە بنێرێتە لای دادوەرێک کە دۆسییەی رووداوەکەی لەبەردەست دابووە. لەوکاتەدا هێشتا صحراورودی لە نەخۆشخانە و لە ژێرچاوەدێریی پزیشک و پۆلیس دابووە. تالەبانیی ئەو کابرایەی راسپاردبوو کە بچێتە لای دادوەری لێکۆلینەوە لە رووداوەکە و پاکانە بۆ صحراورودی بکا. تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی دوای تێرۆری د.قاسملوو بۆ دانی زانیاریی خۆیان لەسەر وتوێژی قۆناخی یەکەمی د.قاسملو وتێرۆریستەکان کە ئەوانیش تێیدا بەشدار بوون و ئاگادارییان لە وردەکارییەکانی بووە، لە چوون بۆ ڤییەن خۆیان پاراستبوو.

## تەزویرێکی سەرنجراکێشی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە

مەلا عەبدوللا حەسەن زادە بۆ گەیشتن بە دەسەلات، سامانخوازیی و پیلانگێران بەدژی ئەندام یان ئەندامانێک کە بە کۆسپی سەر رێگای زانیون، وێنەی نەدیتراوە. ناوبراو لەو رق و کینەیەو رەفتاری بەخێل سێهەمیی خۆی بە قەولی مامۆستا کاویان بەهەرشێوەیەک بووبێ سەرکەوتو بووە.

لە ناو سیاسەتخرۆکانی کورد ئەو شێوە هەڵس وکەوتە بەرچاوە. لەو تەزویرەی خوارەوەی، لاپەرەی ٣١٧ کتێبی خولیا و مەرگی رەحمانی کورد بروانە! بەروالەت ئەو کارە مندالانەیە. بەلام ئەو خوو وخدەیە واقعییەتە و لەوجودی هەمو ئاخوندێکی سیاسەتخروودا هەیە. تەزویرە کەی مەلا عەبدوللا لێرەدا ئەوە بووە:

حەسەنزادە بە کارۆل پرۆن هۆبێری گوتووە کە: "دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی واتە لە ١٧ سێپتامبری ١٩٩٢ کراوە بە سکرتێری گشتیی حدکا. کارۆلیش ئەو ئیددیعاناراستەی حەسەنزادەی لە دەقی ئینگلیزیی چاپی یەکەمی کتێبەکەیدا نووسیوە. مەلا عەبدوللا ئەو تەزویرەی کردووە تا بە کارۆل پرۆن هوبێر بڵێ کە : لەناوحدکادا بۆ سکرتێریی حدکا دوای د.شەرەفکەندیی جیا لەو کەسی دیکە نییە کە شیاوی ئەو پایە وپلەیە بێ. لەبەر ئەوە نەیویستووە بە کارۆل بڵێ دوای تێرۆری د. شەرەفکەندی مصطفی هجری بە دەنگی بەشدارانی کۆنگرە کراوە بە سکرتێری حدکا و مەلا عەبدوللا جێگری مصطفی هجریی بووە.بەلام گرفتی ئەو کارەی ئەوە بووە کە ئەگەر لە پێداچوونەوەکەی خۆیدا ئەو تەزویرەی خۆی نووسیبایە هاورێکانی دەیان زانی. ناوبراو بۆ ئەوە چارەسەری ئەو تەزویرەی خۆی بکا وەکو هەموو وتووێژەکانی دیکەی لەگەل کارۆل،ئەو وتەیەی خۆی سڕیوەتەوە و سانسۆری کردووە.


Carol Prunhuber 317

11 Abdullah Hassan Zadeh, interview with the author. Koya, Iraqi Kurdistan, July 2009. Hassan Zadeh became secretary general of the KDPI in 1992, after Ghassemlou's successor Sadegh Sharafkandi was murdered in Berlin with three other Kurdish collaborators.

وەرگێردراوی ئەو دۆکۆمێنتە بە کوردیی:

" عەبدوللا حەسەنزادەیە لە جولای ٢٠٠٩لە کۆیە ئەو وتوویژەی لەگەڵ کارۆل پرۆن هۆبێر نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان" کردووە.

نـــاوبراو بـــه كـــارۆلی گوتـــووه:" حەســـەنزادە لـــە ســـاڵی ١٩٩٢، دوای تێـــرۆری صـــادق شـــەرەفکەندیی "جێگری قاسملوو" کە لەگەل سێ هاوڕێی لە برلین تێرۆر کران، بووە بە سکرتێری حدکا.
ئەو زانیارییەی مەلا عەبدوللا کە بە کارۆلی داوە راست نەبووە.
حەســـەن زادە لـــە ١٩٩٥ واتـــە نزێـــک بـــە ســـێ ســـال دواترلـــە تێـــرۆری د.شـــەرەفکەندیی، لـــە ئۆردوگاکەی تالەبانییدا ولە کۆیە کرا بە "سکرتێر"ی" حدکای چاخی نوێ".

## بڕگەی چوارەم تاوانبارەکان

**لاپەرەی ١٧ دەقی ئینگلیزیی کتێبەکەی کارۆل و لاپەڕەی ٣٩ی پێداچوونەوە کەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە...**

**تەزویری دۆکۆمێنتی پزیشکیی قانونیی لە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە دا**

لـــەم بەشـــەدا عەبـــدوللا حەســـەنزادە ئیبتکـــاری بـــێ وینـــەوە و شـــاکاری هـــەموو تـــەزویرەکانی خـــۆی، خســـتووەتە بـــەرچاوی خـــەلکی کـــورد. تـــەزویرێکی مەلاعەبـــدوللا حەســـەنزادە کـــە خـــۆی لـــە زاراوەی سیاســـیی دا بـــە" مشـــک کوشـــتن " پێناســـەی دەکـــا، نموونەیەکی بەراستیی دەگمەنە.
لاپـــەرەی ١٧ بەشـــی چـــوار لـــەژێر ســـەرناوی مرۆڤکوژەکـــان دەقـــی ئینگلیزیـــی کتێبـــی خولیـــاو مـــەرگی رەحمـــانی کـــورد خولیـــای کوردســـتان، لەتەنیشـــت پێداچوونەوەکـــەی ئێـــدیتۆر (مـــەلا عەبدوللاحەســـەنزادە ) لـــە لاپـــەرەی ٣٩ لـــە هەمبـــەری یـــەکتردادەنێین تـــا لـــەو ئیبتیکـــارەی ســـەرۆکە کـــەیان بـــروانن و شـــانازیی بـــە خۆیـــان و بـــە ســـەرجەلەو رابردوویـــان بکـــەن. لـــە پـــەنا ئـــەو تـــەزویرەش وتـــووێژێکی محســـن رضـــائی و تەتـــەرەیێکـــی رەچەڵـــەک کـــورد، هاوکـــارو دۆســـتی نزیکـــی مـــەلا عەبـــدوللا حەســـەنزادە بـــە نـــاوی بورهـــانی قـــانعی فـــەرد دەخەینـــە بـــەرچاو و نرخێـــک کـــە ئـــەو جەماعەتـــە بـــۆ وەرگرتنـــی جیرەیـــەک لـــە قژڵێکـــی کۆنـــە بەعســـییاندا داویانـــە و وەبیرهێنانـــەوەی ئـــەو قەوەزەپلاستیکییانەی کە بۆ راگواستنی ئاژەل کەڵکیان لێوەردەگرن.
کرتە بۆ ئێرەبکە و کۆنترۆل دابگرە!

مـــەلا عەبـــدوللا حەســـەنزادە بـــۆ ئـــەو پێداچوونـــەوە "تاقەتپروکێنـــە" ی کـــە کردوویـــە بـــە وەبـــەرچاوگرتنی نامـــە نهێنییـــە ئاشـــکرابووەکانی تالـــەبانیی چـــاپ کـــراو لـــە کتێبـــی "شـــەری کوردســـتانی عێـــراق چـــۆن دەســـتی پێکـــردو کـــێ لێیبەرپرســـیارە، چـــاپی یەکـــەم ١٩٩٧ مەکتـــەبی ناوەنـــدیی دیراســـات و توێژینـــەوە ســـەر بـــە مەکتـــەبی سیاســـیی پـــارتی دێمـــوکراتی کوردســـتان و نامەنهێنییـــەکانی تالـــەبانیی بـــۆ مـــەلا عەبدوللاحەســـەنزادە و ولامـــەکانی نـــاوبراو ورووداوی گوللـــەباران کردنـــی چـــوار ئەنـــدامی حـــدک لـــە دەروازەی کۆیـــە، بەڵگـــە حاشـــاهەڵنەگرە تـــەزویرکراوەکانی مـــەلا عەبـــدوللا لـــە پێداچوونەوەکـــەیدا بـــە وەرگێـــڕدراوی دەقـــی کـــوردیی کتێبـــی خولیـــاو مـــەرگی رەحمـــانی کـــورد خولیـــای کوردســـتان کـــە هـــەزاران تـــەزویری تێـــدا کـــردوون، روداوە جاسوســـییە ئاشـــکرا بووەکـــەی موشـــاویری تایبـــەتیی حەســـەن زادە بـــە نـــاوی داود ئیبـــرا هیمـــی ناســـراو بـــە ئـــازادی کـــوڕی عـــەلی بالـــە نیشـــانیداوە کـــە مـــەلا عەبـــدوللا حەســـەنزادە خـــۆی ئالقەیـــەکی ســـەرەکیی

بزرکـــــراوی زنجیـــــرەی روداوەکـــــانی تێـــــرۆری د.قاســـــملوو، د.شـــــەرەفکەندیی‌و هـــــەموو تیرۆرکراوانـــی رۆژهـــەڵات لـــە باشـــوری کوردســـتان بـــووە. پێشـــەکیی بروانـــە ئـــەو تێکســـتە ئینگلیزیی یە و دواتر کوردیی‌یە کەی لە خوارەوە !

# Chapter IV

## The Murderers

✦

Abdul Rahman Ghassemlou was killed by two pistols with silencers that shot three bullets at close range.

Abdullah received eleven bullets; Rasul received five. A bullet to the head finished off each of the three men.

Ghassemlou died instantly. He did not even have time to react. He must have been the first victim. According to a report based on findings by Austrian parliamentarian Peter Pilz, Ghassemlou and Rasul were caught by surprise and killed in a seated position.[23]

It seems that Abdullah Ghaderi-Azar resisted the murderers. The position in which his body was found suggests that he opposed the attackers.[24] The forensic physicians discovered traces of skin under his nails, and in his clothes they found traces of blood from Mohamed Jafari Sahrarudi, one of the Iranian envoys.

The Austrian police found the living room turned upside down, as shown by the photos taken during the first days of the investigation.

The forensic physicians determined that the three victims were hit by a total of nineteen shots, though the police only found fourteen shells in the room.

**Thursday, July 13, afternoon.** After a short nap that afternoon, Ghassemlou and Abdullah visited the Ministry of Internal Affairs. Ghassemlou had an appointment with Dr. Matzka, a government official who was considered a friend of the Kurds. Ghassemlou wanted to thank him for having helped procure his visa.

Ghassemlou had entered Austria with his Iranian passport, which he typically used. It was an authentic document, albeit falsified—a real

17

# بڕگەی چوارەم
# تاوانبارەکان

**دوانیوەڕۆی پێنج شەممە ١٣ی ژووئیە**

عەبدورڕەحمان قاسملو بە گوللەی بێدەنگی دوو دەمانچانو لە نزیکەوە کوژرا.

عەبدوڵــلا یــازدە گوللــەی وێکەوتبوون و ڕەســوولیش پێنــج گوللە. دوایــەش یەکی گوللەیەکیان لەسەری دابوونو بەم جۆرە کۆتاییان بە ژیانیان هێنا بوو.

قاسملوو هەرزوو تەواو ببوو. تەنانەت دەرفەتی ئەوەشی نەببوو دژکردەوەیەک لەخۆی نیشان بدا. دەبێ ئەو یەکەمین قوربانی بووبێ.

وا دەردەکەوێ عەبدوڵلاو ڕەسوول لە بەرامبەر جینایەتکارەکاندا دژکردەوەیان لەخۆیان پێشــان دابێ. وەزعییەتێک کە تەرمەکانیانی تێدا دۆزرایەوە وای نیشان دەداکە لە بەرامبەر جینایەتکارەکاندا دەســتیان کردبێتەوە. پزیشــکەکانی قانوون هێندێک وردە پێستیان لەژێر نینۆکەکانی ئەو دوانەدا دۆزیبۆوەو لە جلوبەرگی عەبدوڵلاشــدا هێندێک ئاسەواری خوێنی «محمد جعفر صحرارودی»یان دۆزیبۆوە. ناوبراو یەکێک لەنوێنەرانی دەوڵەتی ئێران بوو.

بەوجۆرە کە ڕۆژەکانی ســەرەتای لێکۆڵینەوەکە لە وێنەکان (ڕەسمەکان) دەرکەوتبوو، پۆلیسی ڤییەن دیبووی ژوورەکە بە تەواوی شپرزە بووە.

پزیشکەکانی قانوون بەتەواوی لەسەر ئەوە ساخ ببوونەوە کە ئەوسێ قوربانییە لەسەر یــەک نــۆزدە گوللەیان وێکەوتوە، هەرچەند پۆلیســەکان تەنیا چاردە دانــە پووکە (قاپۆڕە فیشەک) یان لە هۆدەکەدا دۆزیبۆوە.

دوانیــوەڕۆی هەر ئــەورۆژە، دوای سەرخەوشــکاندنێک، قاســملوو دەگــەڵ عەبدوڵلا چووبوونە ســەردانی وەزیری نێوخۆ. قاسملوو دەگەڵ دوکتۆر ماتژا قەراری چاوپێکەوتنی هەبوو. ناوبراو کارمەندی دەوڵەت بووو وەک دۆستی کوردان حیسێبی بۆ دەکرا. قاسملوو

**پێناسەیەک بۆ وشەی "تاوانبارەکان"**

لـــە دەقـــە ئینگلیزییەکـــەدا نووســـەر لـــە وشـــەیTheMurderersبـــە واتـــای" بکوژەکـــان" کـــەڵکی وەرگرتـــووە. ئەگـــەر ئـــەو وشـــەیە لـــە لایـــەن مـــەلا عـــەبوللاوە نـــەگۆردرابێ ڕەنگـــە مامۆستا کاویان لە کوردییەکەدا وشەی تاوانبارەکانی لەبری بکوژەکان نووسیوە.

لـــە زاراوەی حقـــوقیدا وشـــەی "تاوانبـــار" بـــۆ کەســـێک دەگـــوترێ کـــە بـــە حـــوکمی دادگـــا بـــە جینایـــەتێک مـــەحکوم کرابـــێ. لەبـــەر ئـــەوە وشـــەی تاوانبارەکـــان لـــەبری مرۆڤکـــوژان یـــان بکـــوژان... لـــە جێدانییـــە. ئەوانـــەی کـــە لێـــرەدا باســـیان دەکـــرێ تۆمەتباربـــە کوشـــتنی د.قاســـملوو، عەبـــدوڵلا قـــادریی وهاوکارەکـــەیان... بـــوون. ئێـــدیتۆر لـــە جیـــاوازیی مانـــای ئەو دوو چەمکە ئاگادار نەبووە.

سەرەتا دەبینین کە جێگەی ڕێکەوتی دوانیوەرۆی پێنجشەممە ١٣ جولای لە پاراگرافی ٧ دا گۆڕدراوە و هەڵکێشراوەتە سەرەتای باسەکە. لێرە بەدواوە باسەکە ئاوا دەستی پێکردووە:

**هێڵی یەکەم**, عەبدوررەحمان قاسملوو بە سێ گوللە کە لە دوو دەمانچەی دەنگبڕدارەوە کە لەنزیکەوە تەقێندرا بوون کوژرا بوو.

"گوللەی بێدەنگ "کە "ئێدیتۆر" نووسیویە وجودی نییە. ئەو دەزگایەی کە ناوی دەنگبڕە و دەخرێتە سەر دەمانچە بە فارسیی "صداخفەکن"ی پێدەگوترێ.

تێکستەکە باس لەوە دەکا کە عەبدوللا قادریی یازدەگوللەی وێکەوتبوو. فازل ڕەسوولیش پێنج گوللەی بەرکەوتبوو. دوایەش یەکی گوللەیەکی خەلاسیان لەسەر دابوون.

نووسەری تێکستەکە واتە کارۆل پرۆن هوبێر کە نەزەری پزیشکەکانی نووسیوە رای گەیاندبوو :

"قاسملوو دەم و دەست مردبوو. تەنانەت کاتی کاردانەوەشی نەبوو. دەبێ ئەو یەکەمین قوربانیی بووبێ."

لێرە بەدواوە مەلا عەبدوللاحەسەنزادە دەرفەتی تەزویریکی، دەگمەن، پسپۆرانەو کەسنەکردووی لەو ڕاپۆرتە پزیشکییەدا بۆ خۆی ڕەخساندووە.

لەو تەزویرەی کە مەلا عەبدوللا لە بەڵگەی پزیشکیی قانوونیی لە جینایەتی تێرۆری د.قاسملوو دا کردوویە بە ورديی بڕوانە!

تەزویرەکەی حەسەنزادە لە نیوەی هێڵی٦ ی دەقەئینگلیزییەکەوە( لە لاپەڕەی ١٧و ٣٩ ی پێداچوونەوە بە دەقە کوردییەکەوە) دەستی پێکردووە.

گوترا عەبدوررەحمان قاسملوو بە گوللەی بێدەنگی دوو دەمانچان ولە نزیکەوە کوژرا بوو. هێڵی دووهەم.

لە ڕاپۆرتەکە دا نووسراوە:" قاسملوو دم ودەست کوژرابوو. تەنانەت دەرفەتی ئەوەشی نەبوو کاردانەوەیەک لە خۆی نیشانبدا. دەبێ ئەو یەکەمین قوربانیی بووبێ."

دوای نووسینی ئەو هێڵەی سەرەوە، مەلا عەبدوللا دوو دێرو نیوی هێلی ٧ و ٨ و ٩ی دەقە ئینگلیزییەکەی لە وەرگێڕاوەکەدا بەوشیوەیە ی خوارەوە سانسۆر کردوون:

According to a raport based on findings by Austerian Parlamentarian Peter Pilz, Ghassemlou and Rasul were caught by surprise and killed in a seated position[23]

**وەرگێڕدراوەکەی ئەو بەشە قرتاوە ئەوەیە :**

**بە پێی ڕاپۆرتێ پارلمانتاریکی ئوتریشیی بە ناوی پیتر پیلچ، قاسملوو و ڕەسول لە ناکاوو کوتوپڕ خافلگیرکران و کوژران. مەلا عەبدوللا لێرەدا تەزویرەکەی کردووە و نووسیویە:**

"وادەردەکەوێ عەبدوللاو ڕەسول لە بەرامبەر جینایەتکارەکاندا دژ کردەوەیان نیشان دابێ. وەزعییەتێک کە تەرمەکانی تێدا دۆزرایەوە وای نیشاندەدا کە لەبەرامبەر جینایەتکاراندا دەستیان کردبێتەوە. "پزیشکەکانی قانوون" [ بخوێنەوەوە,پزیشکەکانی دەزگای پزیشکیی قانوونیی] هێندێک وردە پێستیان لە ژێر نینۆکەکانی ئەو دووانەدا دۆزیبۆوە و لە جل و بەرگی عەبدوللاشدا هێندێک ئاسەواری خوێنی ، >> محەمد جعفر صحراروди >> یان دۆزیبۆوە. ئەو وشانە و ئەو نیشانانەی کە

زەرد کــراون تــەزويريين و لــە دەقــە ئينگليزيي‌يەكــەدا وجووديــان نىيــە و مــەلا عەبــدوللا بۆ شاردنەوەی دەوری فازل رەسول لەو جينايەتەدا تەزويری کردوون.

مــەلا عەبــدوللا لــە پێداچوونەوەكــەی خۆيــدا نــاوی رەســولّی [ فــازل رەســول] کتوپرکــوژراوی بــە نــوكی قەڵەمــە كــەی لــە دەقــە كورديي‌يەكــەی خــۆیدا قرتانــدووە. بۆيەشــی قرتانــدووە تــا لــە دێــڕی دواتــردا زينــدووی بكاتــەوە و وەكــو عبداللــە قــادريی بــە گــژ صــحراردوی تێرۆريســت يــان ئەجوادييدابكا. بروانە هەردوو دەقەكان لە سەرەوە.

تەرجەمــەی ئــەو دەقــەی ســەرەوە بــەم جۆرەيــە:" بــە پێــی راپۆرتێــک كــە بنەماكــەی لێكۆلينەوەيــەكی د. پيتــر پــيلچ پارلمانتــاريكی ئوتريشــيي‌يە كــە نووســيويە:" د.قاســملوو لەگــەڵ رەســول[فــازل رەســوڵ] كتــوپرو بــە دانيشــتنەوە كوژرابــوون." وێــدەچێ كــە عبداللــە قــادری لەبەرامبــەر پياوكوژەكانــدا بەربــەرەكانی كــردووە. حالــەتی لەشــی ئــەو(عەبــدوللا قــادريی) نيشــان‌دەدا كــە ئــەو بەربەرەكانی هێرشكەرانی كردووە.

لــە دەقــە ئينگليزيي‌يەكــەدا دەبينــين باســێک لــە بەربــەرەكانيی فــازل رەســول لەگــەڵ تێرۆريســتەكان نــەكراوە. چونكــە كتــوپر كوژرابــوو. بــەلام مــەلا عەبــدوللا حەســەن‌زادە لــە دەقــە كوردييەكــەدا زێنــدووی كردووەتــەوە. بــەو جــۆرە ، ئــەو تــەزويرەی كــردووە و نــاوی فــازل رەسوليشــی لــە تێكســتە كوردييەكەدا لە ريزی عەبدوللا قادرييدا نووسيوە وبەربەرەكانيی صحراردی پێكردووە.

دەقــە نووســراوەكەی كــارۆل شــتێكی ديكــەی جيــا لــەوەی مــەلا عەبــدوللا نووســيويە بــاس كردووە. بروانە دەقەكان! ئەوانەكە بەرەنگی زەرد نيشان‌دراون تەزويركراون.

According to a report based on findings by Austerian parliamentarian Peter Pilz, Ghassemlou and Rasul were caught by surprise and killed in a seated position. It seems that Abdulla Ghaderi – Azar resisted the murderers. The position in which his body was found suggests that he oppsed the attackers. The forensic physicians discovered traces of skin under his nails, and in his clothes they found traces of blood from Mohamed Jafari Sahrarudi, one of the Iranian envoys.

The Austerian police found the living room turned upside down, as shown by the photos taken during the first days of the investigation.

**شرۆڤەی بەڵگەنامەكەی پزيشكيی قانوونيی و تەزويرە كەی مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە**

پزيشــكە كــانی ســەر بــە پزيشــكيی قــانونيی لــە پەروەنــدەی تێــرۆری د.قاســملوودا،پرزە و وردە پيســتی محمــد جعفــری صــحراروديی‌يان لــە بــن نينــۆكی عەبــدوللا قــادریدا دۆزيبــۆوە. هــەروەها شــوێنەواری خــوێنی لەشــی صــحرارووديی‌يان بــە جــلو بــەرگی عبدالله قادرييەوە دۆزيبۆوە.

راپــۆرتی پزيشــكيی قــانوونيی كۆتــايی بــە تيئــۆريی دوو تــيم و چەنــد تاوانبــاری راكــردوو هێنــا و نيشــانی‌داوە كــە جيالــە صــحراردوی و اجــوادی كــە كــوژەری د.قاســملووو عەبــدوللا قــادريی بــوون، شــوێنەواری تيمێكــی ديكــەی تێــرۆر لــەو جينايەتــەدا نەبينــدراوە. بەڵگــەی تاقيگــەكان و نــەزەری خيبــرە و پزيشــكە قانوونييــەكان و رونكردنەوەكانی پسپۆرانی چەک ئەو واقعييەتانەی خوارەوەيان سەلماندووە:

١ –صحراردوی بەپێی ئەو بەڵگە حاشا هەڵنەگرە يەک لە قاتڵەكان بووە.

٢- تیمێکی دیکە بەوجۆرەکە ئیدیعاکرابوو، لەو تێرۆرەداو لە کوشتنی د.قاسملووو عەبدوللا قادریی دا بەشدارنەبوو.

## کارامەیی و هونەری تەزویرکردنی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە

لێرەدا هونەری تەزویرکردنی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە پێداچوونەوەکەی دا بە چاوی خۆت ببینە! مەلا عەبدوللا بەوشێوەیەی خوارەوە دەقەکەی کارۆڵی تەزویر کردووە: لاپەرەی ٣٩ دەقی پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا.پاراگرافی٤

> وا دەردەکەوێ عەبدوڵلاو رەسوول لە بەرامبەر جینایەتکارەکاندا دژکردەوەیان لەخۆیان پیشان دابێ. وەزعییەتێک کە تەرمەکانیانی تێدا دۆزرایەوە وای نیشان دەداکە لە بەرامبەر جینایەتکارەکاندا دەستیان کردبێتەوە. پزیشکەکانی قانوون هێندێک وردە پێستیان لەژێر نینۆکەکانی ئەو دوانەدا دۆزیبۆوەو لە جل‌وبەرگی عەبدوڵلاشدا هێندێک ئاسەواری خوێنی «محمد جعفر صحرارودی»یان دۆزیبۆوە. ناوبراو یەکێک لەنوێنەرانی دەوڵەتی ئێران بوو.
> بەوجۆرە کە رۆژەکانی سەرەتای لێکۆڵینەوەکە لە وێنەکان (رەسمەکان) دەرکەوتبوو، پۆلیسی ڤییەن دیبووی ژوورەکە بە تەواوی شپرزە بووە.

بەو جۆرەی لە وێنەی دەقە ئینگلیزییەکەدا خرایە بەرچاو، مەلا عەبدوللا لەپێنج هێڵدا حەوت تەزویری کردوون کە بریتین لە:

١-مەلا عەبدوللا حەسەنزادە نووسیویە: " عەبدوللا قادریی و رەسول [فازل رەسول]لە بەرامبەر جینایەتکارەکاندا دژکردەوەیان نیشان دابوو." لە حالێکدا لە دەقەئینگلیزییەکەدا ولە راپۆرتی پزیشکیی قانوونییدا نووسراوە کە: تەنیا عەبدوللا قادریی توانیبووی دژ بە تێرۆریستەکان دژکردەوەیەک لە خۆی نیشان بدا.

٢-مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ناوی "رەسول" ی لە پێداچوونەوەکەی خۆی لەراپۆرتی پزیشکیی قانوونیی دا زیاد کردووە.

٣--لە دەقە ئینگلیزییەکەدا و لە نووسراوەکەی پیلج دا کە باسی راپۆرتی پزیشکیی قانونیی دەکا، نووسراوە کە:" د.قاسملوو و فازل رەسول لەیەکەم دەستڕێژدا کتوپڕ کوژرابوون، بەلام مەلا عەبدوللا نەزەری پزیشکەکانی تەزویرکردووە و فازل رەسولی کتوپڕ مردووی زیندوو کردووەتەوە.

٤-مەلا عەبدوللا حەسەنزادە، فازل رەسولی کتوپڕکوژراوی زیندوو کردووەتەوە، بۆ بەربەرەکانی بە گژ جینایەتکاران دا کە بریتیی بوون لە: جعفری صحرارودی و اجوادی ( حاج مصطفی مصطفوی ) کە د.قاسملوو و فازل رەسوڵیان دەم و دەست کوشتبوو وەگەڕ خستووە.

٥- عەبدوللا حەسەنزادە بە نوکە قەڵەمێک، پەڵەی خوێن، تویخ و توێژی پێستی صحرارودی لە بن نینۆکی فازل رەسولی کوتوپڕکوژراویش ترینجاندووە. بەلام لە راپۆرتی پزیشکیی قانوونیی دا ئەو ئیبتیکارەی مەلا عەبدوللای تێدا نەنووسراوە و نەبووە.

٦-مەلا عەبدوللا حەسەنزادە سەر لە نوێ فازلی رەسولی مراندووەتەوە و جلەکانی پشکنیوە. بەلام شوێنەوارێک لە خوێنی صحرارودی‌یان پێوە نەبووە.


٧- بۆ پزیشکیی قانوونیی سەلمێندرابوو کە تەنیا لە ژێر نینۆکی عەبدوللاقادریی دا شوێنەواری پەڵەخوێن و وردەپێستی لەشی صحرارودی هەبووە و ئەوەی عەبدوللا حەسەنزادە نووسیویە، تەزوێرێکی ئاشکرابووە و واقعییەتی گۆڕیوە.

**نیشانە ڕێزمانییەکان و لە قاودانی دەوری مەلا عەبدللا حەسەنزادە بۆ پاکانەکردنی بۆ تێروریستان**

مـــەلا عەبـــدوللا حەســـەنزادە جیـــا لـــە گـــۆڕینی وشـــە، دێـــڕ، پـــاراگراف، لاپـــەرە، بڕگـــە و بەشـــەکانی کتێبـــی خولیـــاو مـــەرگی ڕەحمـــانی کـــورد خولیـــای کوردســـتان، تەنانـــەت لـــە تـــەزویری نیشـــانە ڕێزمانیـــیەکانیش بـــۆ پاکانـــەکردن بـــۆ صـــحرا رودی و هاودەســـتانی کـــەڵکی وەرگرتـــووە. نـــاوی" صـــحرارودی " لـــەو شـــوێنانەی کتێبەکـــەی کـــارۆڵدا کـــە بـــە گومـــــانلێکراو، تاوانبـــــار، تێرۆریســـــت، بکـــــوژی د.قاســـــملووو عەبـــــدوللا قـــــادریی نـــــاودێرکرابێ، لەلایـــــەن مـــــەلا عەبـــــدوللا حەســـــەنزادەوە لـــــە نێـــــوان دوو نیشـــــانەی ڕاگواســـتنی گوتـــە ( نقـــل قـــول) نـــاوی صـــحرارودی، لـــە نێـــوان نیشـــانەی دوو فـــاق << >> کـــە بـــە فەرەنســـی گیومـــەی پێـــدەگوترێ بـــەم شـــێوەیە << صـــحرارودی >> لـــەو نێوانـــەدا نووســـیوە. ئـــەو نیشـــانەیە لـــە فارســـیدا بـــە "علامـــت نقـــل قـــول- گوتـــەی بێـــژراو " ناودێرە.

نووســـەری کتێبەکـــە ئـــەو نیشـــانانەی ســـێهەم کەســـی لـــە کتێبەکـــەیدا وەکـــو مـــەلا عەبـــدوللا بەکار نەهێناوە.

فـــەرموو ئـــەم تـــەزویرەی مـــەلا عەبـــدوللا حەســـەنزادە کـــە بـــۆ فـــازل ڕەســـول و صـــحرارودی کردووە جارێکی دیکە ببینە!



وا دەردەکەوێ عەبدوڵلاو ڕەسوول لە بەرامبەر جینایەتکارەکاندا دژکردەوەیان لەخۆیان پیشـان دابێ. وەزعییەتێک کە تەرمەکانیانی تێدا دۆزرایەوە وای نیشان دەداکە لە بەرامبەر جینایەتکارەکاندا دەسـتیان کردبێتەوە. پزیشـکەکانی قانوون هێندێک وردە پێستیان لەژێر نینۆکەکانی ئەو دوانەدا دۆزیبۆوەو لە جلوبەرگی عەبدوڵلاشـدا هێندێک ئاسەواری خوێنی «محمد جعفر صحرارودی»یان دۆزیبۆوە. ناوبراو یەکێک لەنوێنەرانی دەوڵەتی ئێران بوو.
بەوجۆرە کە ڕۆژەکانی سـەرەتای لێکۆڵینەوەکە لە وێنەکان (ڕەسمەکان) دەرکەوتبوو، پۆلیسی ڤییەن دیبووی ژوورەکە بە تەواوی شپرزە بووە.

لـــە هێڵـــی پێنجەمـــدا نـــاوی محمـــد جعفرصـــحرارودی لـــە نێـــوان نیشـــانەی دوو فـــاق دا ببینـــە. ئەو نیشانەیەش لە دەقە ئینگلیزییەکەدا نەبووە.

مـــەلا بـــە دانـــانی ئـــەو نیشـــانەیە دەڵـــێ:" ئـــەو واقعییەتـــەی کـــە تاقیگـــە ســـەلماندوویە و پزیشـــکەکان نـــەزەریان لەســـەر داوە، بـــەوجۆرە کـــە نووســـەری کتێبەکـــە نووســـیویە نـــەزەری مـــەلا عەبـــدوللای "ئێـــدیتۆر" نییـــە. ئـــەوەش دەقـــە ئینگلیزییەکەیـــەتی کـــە دەڵـــێ: وادێتـــە بـــەرچاو کـــە عەبـــدوللا قـــادریی ئـــازەر بەربـــەرەکانیی کردبـــێ. بـــەلام مەلاعەبـــدوللا ناوی "ڕەسوڵ" یشی لێزیاد کردووە.


It seems that Abdullah Ghaderi–Azar resisted the murderers

مـــەلا عەبـــدوللا دوای تێـــرۆری د.قاســـملوو تـــا تێـــرۆری دوکتـــور شـــەرەفکەندیی هەڵویســـتەکەی ئـــەوە نەبوو کە حەوتەیەک پێش تێرۆری د. شەرەفکەندیی ئیلهامی پێکرابوو.

هەڵویســـتی مـــەلا عەبـــدوللا حەســـەنزادە لـــە دوای تێـــرۆری د.شـــەرەفکەندیی و فرۆشـــتنی حـــدکا لەلایـــەن مـــەلا عەبـــدوللاوە بـــە صـــحرارودی و تالـــەبانی گـــۆڕدرا. ڕۆژنامـــەکانی کوردســـتان لـــە ژمارەکـــانی ‌ ‌وەو ١٥١( لـــە ژوئیـــەی ١٩٨٩ وە دەســـت پێـــدەکا و تاحەوتوویـــەک بـــەر لـــە تێـــرۆری د.شـــەرەفکەندیی) نیشـــاندەدەن کـــە فـــازل بـــە هاوکـــاری تێرۆریســـتەکان ناســـرابوو، بـــەلام

حەوتوویەک پێش تیرۆری د.شەرەفکەندیی ئەو هەڵوێستە لەلایەن مەلا عەبدوڵلاوە گۆڕدرا. مەلا عەبدوڵلا بەو گۆوەندەی کە لەگەڵ حەسەن شەرەفیی لەبەردەرگای قەتڵگەی د.قاسملوو لە ڤییەن گێرایان بۆ دەربرینی شادیی لە نەمانی ڕێبەرانی حدکا دەم و گوێی یەکتریان راموسی. لەوە بەدوا هاوکارییەکەی لەگەڵ تیرۆریستان چڕوپڕتر کرد. لەبەر زۆربوونی دۆکۆمێنتەکان دەرەتانی بڵاو کردنەوەیان لەم بەشەدا نییە. دواتر ئەو بەڵگەحاشاڵێکراوانە دەخرێنە بەرچاوی خوێنەر.

حەسەنزادە لە تەزویری دەقەکوردییەکەدا و لە شێوەی نووسینەکەی و دانانی نیشانە ئەو پەری وردبینیی نیشان داوە. ناوبراو بەو کارەی کە لە دانانی نیشانەی تایبەتیدا کردوویە, دەیهەوێ بۆ صحراروردی، ریشهری، فلاحیان، اجوادی و... پاکانەبکا کە ئەو بەڵگەنامانە بۆ ئەو نامۆن و راست نەبوون. سەیری لاپەرەکانی ۲۱ و ٤۳ ئینگلیزیی و کوردییەکە بکە!


تەنیا دووکەس دەتوانن پێمان بڵێن چ رووی داوە. «محمد جعفر صحرارووردی»و حاجی «مصطفوی». ئەوەی یەکەمیان بەرپرسی کۆری نوێنەرایەتیی ئێران بوو کە کارمەندێکی پایەبەرزی وەزارەتی نێوخۆو لەبارەی گیروگرفتی کوردەکاندا شارەزاو لە لەشکری گاردەکانی شۆڕشدا کە بە پاسداران دەناسران نەفەری دووهەم بوو. هەروەها زۆریش جێگەی متمانەی رەفسەنجانی بوو. دووهەمین کەس لەژێر فەرمانی «محمد ریشهری» دا کاری دەکرد. «ریشهری» وەزیری «اطلاعات» (جاسووسیو ئەمنییەت) و یەکێک لە شەڕخوازەکانی ڕێژیم بوو. بەرپرسی کاروباری نهێنیو جاسووسی بۆ ئازەربایجانی رۆژئاوا ی(کوردستان) یش بوو. هەردووکی ئەوانە کە وتوویژکەرانی ئێران بوون، کاتێک جینایەتەکە رووی دا لەنێو هۆدەکەدا بوون.

Only two people can tell us what happened: Mohamed Jafari Sahrarudi and Hadji Mostafawi. The first was the head of the Iranian delegation, high-ranking officer of the Ministry of the Interior, specialist in the Kurdish problem, commander and adjunct chief of the 15th Division of the Guardians of the Revolution, known as *pasdaran*,[26] trusted men of Rafsanjani. The second worked under the orders of Mohammed Mohamadi Reyshahri, the minister of information (intelligence and security)—one of the hawks of the regime. He was in charge of the secret service for the West Azerbaijan region (Kurdistan).[27] As Iranian negotiators, both were in the room when the crime was committed.

بڕوانە ناوەکانی " محمد جعفری صحراروردی"، "مصطفوی" "محمد ریشهری " کە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا ئەو نیشانەیلە نییە کە لە دەقە کوردییەکەدا دەبیندرێن.

لە هێڵی ۱۰ دەقە کوردییە کە و دوای ئەو ریزە وشە تەزویرییەی،'لە جل و بەرگی عەبدوللاقادرییشدا هێندیک ئاسەواری خوێنی << محمد جعفر صحراروردی<< یان دۆزیبۆوە". مەلا عەبدولاحسەنزادە لە وێنەی تێکستەکوردییەکەدا ناوی صحراروردی لە نێوان نیشانەی دوو فاق << >> کە بۆ "وتەی راگوێزراو" بەکار دێنن نووسیوە. ئەو نیشانەیلە لە دەقە ئینگلیزییەکەش دا نیین.لەو شوێنە کە دەڵێ: پزیشکەکانی قانون هێندێک ئاسەواری خوێنی محمد جعفر صحراروردی یان دۆزیبۆوە، ناوی محمد جعفری صحراروردی لە نێوانی دوو فاق دا<<.... >> نووسیوە کە مانای ئەوەیە کە ئەوەش جێیباوەری حەسەنزادەی ئێدیتۆر نییە، هەرچەند دۆکۆمێنتی رەسمیی دامودەزگایەکی دەوڵەتییش بن.

## لاپەڕەی ٤۱ خەتی ۱۹ دەقەکوردییەکە

**مە**لا عەبدولای ئێدیتۆر لە لاپەرەی ٤۱ خەتی ۱۹ دەقەکوردییەکەدا لە نێوان دوو وشەی " ئەوە رێناتە و فالیستاوردا وشەی "ئاپارتمانی "لە جێیخۆی وەلا بردووە بۆ ئەوە بۆ خوێنەر لە ماناکەی تێ نەگا. دروستەکەی ئەوە بووە،' ئەوە ئاپارتمانی رێناتە Renate ، ئاپارتمانی یارەکەی فازل رەسول بوو.

**لاپەڕەی ٤١ دەقە کوردیییەکە سەرەتای خەتی ٢٨**

قاسملوو پشت بە مۆبلەکەوە (قەنەفە) وەکو بودایەک [ پێغەمبەری بودایییەکان] پالیدابۆوە: چوار خەتی مابێ بۆ ئاخری لاپەڕەی ٤١ کوردیییەکە سەرەتای خەتی ٢٨ لە حالێکدا "قاسملوو وەکو بوودایەک" لە لایەن مەلا عەبدوللاوە سانسۆرکراوە.

Ghassemlou was lying with his back to the sofa like a Buddha

**لە لاپەڕەی ٤٣ کوردیییەکەدا وشەی محمد "محمدی" ریشهری** قرتێندراوە. (هێلی ١٠ لاپەڕەی ٢١ لەخوارەوە بۆ سەرێ، لە دەقە ئینگلیزییەکە).

ریشهری، ناوزراوترین جەللادی رژیم بوو. سەرجەمی تەزویرکراوەکان لەلایەن مەلا عەبدوللاوە، پێمان دەڵێن کە هۆی قرتاندنی ناوی جەللادەکانی رژیم و تێرۆریستەکان لە لایەن مەلا عەبدوللاوە لە کتێبەکەی کارۆل دا چی بووە. ژمارەی تەزویرەکان و ئەمارەی داوەریی بۆ سەلماندنی پەیوەندیی مەلا عەبدوللاو کارگێڕانی خاوەن دەسەڵاتی رژیم ئەوندە زۆرن کە خوێنەر خۆی لە هەڵسەنگاندنیاندا بەرروونی بۆی دەردەکەوێ کە لێکۆلینەوە لەسەر تەزویرکردنی بابەتەکان بەس نییە، چونکە ئەوە خوویایە. گرنگتر ئەوەیە روون بکرێتەوە کە مەلا عەبدوللا لەچ کاتێکەوە بووە بە هاوکاری تێرۆریستەکان و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێر دەسەڵاتی فلاحیان و لە چ کاتێکەوە لەگەڵ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێر دەسەلاتی علی فلاحیان هاوکاریی کردووە؟

لە ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ وەزیری ئیتتیلاعاتی رێژیم لە وتوووێژێکی تەلەڤیزیۆنیدا گوتی:" تاروبەری سەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نفوزی کردەوە.

ناوەرۆکی پێداچوونەوەکەی مەلاعەبدوللا بە وەرگێردراوەکەی وەرگێر(مامۆستا فەتاح کاویان) و تێرۆری د.شەرەفکەندیی لە برلین لەگەل سێ کەسیدیکە کە بە پێیڕاگەیەندراوی دادئەستێنی میکونوس( مدعیالعموم ) لانیکەم یەکێ لەو سێ کەسەی کە لە تێرۆری میکونوسدا لەگەڵ د.شەرەفکەندی(سکرتێری حدکا) کوژران، سیخوری دەزگای ئەمنییەتیی رژیم لە تاران بووە. ئەوانە ئەو واقعییەتەی کە فلاحیان لە وتوێژەکەیدا لە ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ باسی کرد وەراست دەگێڕن. مەلا عەبدوللا لە ژێرناوی جینایەتپۆش و پەردەکێشێکی نهێنییەکانی خۆیەوە بێ ئەوە سەرچاوەیەکی بۆ رەتکردنەوەی وتەکانی دادئەستێن باس کردبێ، یان تەنانەت توانایی خوێندنەوەی ناوی ئەو مرۆڤە بەناوبانگەی هەبێ، ئەو واقعییەتەی بە نەبوو باس کرد. مەلا عەبدوللا حەسەنزادە جیا لە پێداهەلگوتنی تالەبانیی و تەزویرکردن بۆ بەفریوبردنی خەلک و ئەندامانی حدکا جیهانێکی دیکەی نییە. نەیخوێندووەتەوە کە تالەبانیی لەکاتی تەواو بوونی کۆبوونەوەی کاری کۆنگرەی ئنتێرناسۆنالیستەکان لەبرلین بەدەنگی بەرز بە د.شەرەفکەندیی گوتبوو: دوکتۆر، بۆ کوێ دەچی بەدواتەوەن" ماناو مەفهومەکەی راگوێزراوە. سەرچاوەی دەقەکە بە زمانی ئالمانیی و بۆ خوێندنەوەی وەرگێردراوەکەی بە کوردیی ببینە!

- 18 -

5. Tatsache ist die Aussage Amins in seiner richterlichen Vernehmung vom 10. November 1992 (PSA S. 264). Er berichtete davon, daß Haidar einmal zu Emad bemerkte, also zu dem Angeklagten Rhayel, "stelle dir mal vor, Du und Sharif Ihr werdet festgenommen". Antwort des Angeklagten Rhayel laut Amin: "Der Iran steht hinter uns. Er wird sich für uns einsetzen."

Dies hat der Iran getan. Nicht nur in den Worten des Ministers Fallahijans, auch in den Worten des Minister Welayati, auch in dem erpresserischen Druck, der sich auf dieses Gericht immer mehr gesteigert hat.

Bezüglich der Überprüfung der Wahrhaftigkeit der Angaben des Angeklagten Amin in seinem ausführlichen, auch richterlich protokollierten Geständnis darf ich auf das Plädoyer der Bundesanwaltschaft Bezug nehmen, das die Umstände, die Entwicklung und die Überprüfung der Angaben Amins im einzelnen dargestellt hat. Die Aussagen Fallahijans und Welayatis bestätigen die damalige Richtigkeit der Einschätzung Rhayels: Der Iran setzt sich auch für die libanesischen Angeklagten ein.

6. Die sechste Tatsache ist die Aussage des Teilnehmers der Tagung der Sozialistischen Internationale, Talabani, des Führers der Patriotischen Unions Kurdistans, einer international anerkannten kurdischen Partei im Irak. Talabani hatte Sharafkandi gewarnt, und zwar aufgrund der Aussagen festgenommener Pasdaran-Kämpfer, gewarnt davor, der Iran sei hinter ihm her, der Iran plane einen Anschlag und er solle vorsichtig sein. Talabani hatte unmittelbar nach dem Attentat dem Zeugen Binz dies mitgeteilt, der dies hier in der Hauptverhandlung berichtet hat. Ein Grund für eine Falschaussage Talabanis ist in diesem Zusammenhang überhaupt nicht ersichtlich, arbeitet doch Talabani durchaus mit der Islamischen Republik Iran zusammen. Eine Falschaussage von ihm ist also gerade in diesem Zusammenhang nicht nachvollziehbar und erkennbar. Im übrigen wird diese Aussage von Banisadre bestätigt, der seinerseits die DPK/I auf zwei Wegen, u.a. über Talabani, ebenfalls gewarnt hatte.

ئەو وتانە بۆ تاڵەبانیی لەسەری کەوت و نەوشیروان مصطفی نووسیی کە :کارگێرانی رژیم لە تاران نوێنەرەکەی تاڵەبانییان هەڵپێچا، کارگەیشتە ئەو جێگایە نوێنەرەکەی تاڵەبانیی رایکرد و بیناکەی تاڵەبانیی لە تاران چۆل کرا.[ وادیارە هەرکام لە سەرکردەکانی یەنک لە تاران خاوەن بینا بوون] .

ئـەو وەزعـە ماوەیـەکی خایانـد. تالـەبانیی بـۆ گەڕاندنـەوەی وەزعەکـەی پێشـوو پـەنای بۆمامۆسـتا حەمـەی حـاجی بـرد بـوو و بـەبیانووی کرینـی ژمارەیـەک گوللـەی قەنناسـە داوای کـرد بـوو لەگـەل سـپای پاسـداران ڕێکیـان بخاتـەوە. بەڵگـەی ئـەو پێوەندییگرتنـەی تالـەبانیی بـە سـکرتێری حیزبـی سۆسیالیستەوە لە نووسراوەکانی سکرتێری تەنزیمی ناوبراودا بڵاو کراوەتەوە.

## ٦هێڵی ئاخری لاپەرەی ٢١ی دەقە ئینگلیزییەکە لە لاپەڕەی ٤٢ دەقەکوردییەکەدا

مـەلا عەبـدوللای حسـنزادە ئـەو بەشـەی دەقـە ئینگلیزییەکـەی لـە دەقـە کوردییەکـەدا سانسـۆر کردووە.

| | |
|---|---|
| 'وێـدەچێ ئێرانییـەکی سـێهەمیش هـەبووبێ ئـەویش ڕەنگـە بزرگیـان بادیگـاردی صـحرارودی بـوبێ. صـحرارودی دواتـر بـە لێکۆڵـەرەوەکانی گـوت کـە: لـە کۆتـایی وتوێژەکانـدا دوو یـان سـێ هێرشـکەر دەرگاکەیـەن بـە لەقـە کـردەوە و هاتنـە ژوورەکـە. ئـەو تێرۆریسـتە گوتوویـە خـۆی بەرلـەوەی بـە باشی لە هێرشکەران بروانێ بریندار بووە. صحرارودی گوتی: | It now seems likely that there was a third Iranian: Amir Mansur Buzorguian,[28] supposedly Sahrarudi's bodyguard. Sahrarudi later told investigators that at the end of the negotiations, two or three assailants had thrown open the door and entered the room. He was injured before being able to take a good look at the |
| بـۆ فریـودانی هێرشـکەران وای نیشـاندابوو کـە مـردووە. صـحرارودی ئیـددیعای کـرد: لـەکاتی تەقەکردنەکـەدا بزرگیان لە حەمام بووە. | 22 The Passion and Death of Rahman the Kurd<br>men, he said, and once injured feigned death, to deceive the assailants. Sahrarudi claimed that Buzorguian was in the bathroom at the time of the shootings.[29] |

لاپـەڕەی ٤٣ دەقـە کوردییەکـەی کتێبـی خولیـا و مـەرگی ڕەحمـانی کـورد پـێش ئـەو پاراگرافـەی کـە دەقەکـەی نووسـرا، لـەو شـوێنەدا کـە باسـی محمـد محمـدی ریشـهری ( وەزیـر اطلاعـات و امنیـت) و حـاجی مصـطفوی کـارگێری اطلاعـات دەکـا لـە نێـوان دوو نیشـانەی فـاق واتـە وتـەی کەسـێکی تـر<<  >> ناوەکانیانی نووسیون، ئەو نیشانانە لە دەقە ئینگلیزییەکەدانین.

لاپـەڕەی ٢٢ کتێبەکـەی کـارۆل لـە ئینگلیزییەکـەیدا بـاس لـە سـەرجەم ١٩ گوولـە دەکـا کـە لـە د.قاسـملوو عبداللـە قـادری و نەفـەری سـێهەم واتـە فـازل ڕەسـولی نـاوبژیوان درابـوون. بـەلام لـە کوردییەکـەدا بۆ هـەر کام ٩ گوللە نووسراوە .

لەمـەر گوللەیـەک کـە وە صـحرارودی کـەوتبوو کـارۆل دەسـتی بـە دۆکۆمێنتـەکانی نێـو پەروەندەکـە ڕانەگەیشتبوو.

لێـرەدا پێویسـتە ئـەو واقعییەتـە بـۆ خوێنـەری ئـەو ڕوداوە ڕوون بـێ کـە حسـنزادە، هجری و ئەنـدامانی ڕێبـەریی نیشـتەجێ لـە نـاو قشـڵەکەی ژێـر دەسـەلاتی تالـەبانیی و صـحرارودی، پێیـان خـۆش نـەبووە واقعییـەتی مەسـەلەی تێـرۆری د.قاسـملوو و د.شـەرەفکەندیی ئاشـکرا بـێ، چونکـە ئاشـکرا کردنـی ئـەو ڕوداوانـە لـە لایـەن هجری و حسـنزادەوە، دەبـووە هـۆی برینـی جیـرە و نەفەقـە و نـەمانی دەفتـەری سـوال و سـەدەقە و کۆتـایی هێنـان بـە نومایشـی دۆنکیشـۆتیی پێشـمەرگایەتییەکەیـان وخوێندنـەوەی کتێبـی گەوجنامـە ی ئـەزمونی خـەبات و بەخۆداهـەلگوتنی عەوامانـەی خێلـەکیی لـەو قشـلەدا. ئەوانـە ئەگـەر پیـاوی ئـەو مەیدانـە بووایـەن لـە دوای تێـرۆری دشـەرەفکەندی چۆکیـان بـۆ خەیانـەتی مـەلا عەبـدوللا دانـەدەداو پـلان و پیلانـی تالـەبانیی یـان بـۆ تونـاکردن و فرۆشـتنی حـدکا بـە ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران قبـول نـەدەکرد. بائـەو ڕاسـتییەش بـاس بکـرێ کـە بەڵگـەکان ڕوون وئاشـکرا و حاشـا هەڵنـەگرن. بـۆ وێنـە ڕێککـەوتنی حسن زادە لەگـەل یـەکێتیی نیشـتمانی لـە ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٤ بـۆ ئاشـبەتال بـە حـدکا لـە نێوخـۆی وڵات و حاشـا

لێکـردن و شـاردنەوەی لـە کـادر و پێشـمەرگە کـە ئاکامەکـەی تێـرۆری سـەدان پێشـمەرگەی لێکەوتووەتـەوە. ئەو بەڵگەنامەیە ١٧ ساڵ لە خەلکی کورد شاردرابۆوە.

ناردنـەوەی تیمـی چەنـد نەفـەرە دوای ١٩٩٦/٧/٤بـۆ نێوخـۆی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان و کوشـتنیان چـۆن پێناسـەکراوە؟ نـەزانراوە کـە جیـا لـە عەبـدوڵلا حەسـەنزادە و تیمەکـەی چ کەسـانێکی دیکـە بەرپرسـی ڕاستەوخۆی ئەو جینایەتانە بوون؟

## هاوکاریی ئیتتیلاعاتیی مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە و محمد جعفری صحرارودی

